LIF

THE LEVANT & IRAQ FORUM

# دەرهاویشتەی کۆنفرانسی
# ساڵیادی کۆڕبەند

# لە ڤیژنەوە بۆ
# ڕێچکەکانی جێبەجێکردن


خۆگر وریا

دلاوەر عەلائەدین


ئابی ٢٠٢٦

# بڵاوکراوەی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) تایبەتمەندە بە پۆڵەسی لە بواری نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازی و دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕێگەی دیراسەتکردن و شیکاری بێلایەن و دیبەیتی پۆڵەسی. ئامانجەکانی ئینستیتیوت بریتین لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی حوکمڕانی دروست و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ٢٠١٤ وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆ و قازانج نەویست دامەزراوە و بنکەکەی لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عێراقە.

MERI
Middle East
Research Institute

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە ٢٠٢٦ ©
هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
E: info@meri-k.org
www.meri-k.org
X: @meri_info

ئەو بۆچوونانەی لەم بڵاوکراوەدا دەربڕاون، هی نووسەرانن.
هەموو مافەکان پارێزراون. هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوە ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک، ئەلیکترۆنی یان میکانیکی لەوانەش فۆتۆکۆپی، تۆمارکردن، یان هەر سیستەمێکی هەڵگرتن یان وەرگرتنەوەی زانیاری، بەبێ مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختەی ئینستیتیوتی مێری بەرهەم بهێنرێتەوە یان بگوازرێتەوە.

# له ڤیژنەوە بۆ ڕێچکەکانی جێبەجێکردن

دەرهاویشتەی کۆنفرانسی ساڵیادی کۆڕبەند

هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

THE LEVANT & IRAQ FORUM


**خۆگر وریا**

توێژەر

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە

**دلاوەر عەلائەدین**

ڕێکخەری کۆڕبەندی لیڤانت و عێراق

سەرۆکی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە


**ئابی ٢٠٢٦**

# لە ڤیژنەوە بۆ ڕێچکەکانی جێبەجێکردن

## دەرهاویشتەی کۆنفرانسی ساڵیادی کۆڕبەند
## هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

### پوختەی راپۆرت

کۆبوونەوەی یەکەمین ساڵیادی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق کە لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ بەڕێوەچوو، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بیرکردنەوەی پۆڵەسی لە ناوچەکە. دیبەیتەکان ئەو پرسیارە باوەیان تێپەڕاند کە بۆچی هاوکاری ناوچەیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان پێویستە، و چەقی گفتوگۆکان چووە سەر چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو هاوکاریانە. کورتهێنانی حوکمڕانی، وەلانانی سیاسی، لاوازی دامەزراوە کان و نارەزایەتییە چارەسەرنەکراوەکان - نەک تەنیا نیگەرانییە ئەمنییەکان - بزوێنەری سەرەکی ناسکی یان لەرزۆکی ناوچەیین.

دووبارە بنیاتنانەوەی شەرعیەتی دەوڵەت لە ڕێگەی حوکمڕانی گشتگیرەوە وەک شتێکی بنەڕەتی سەیر دەکرا، ئەویش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی لایەن و گروپە چەکدارە نادەوڵەتیەکان. لەبری چاوەڕوانیکردنی یەکلاییکردنەوەی سیاسی هەمەلایەن، کۆڕبەندەکە جەختی لە هاوکاری کارا و بەردەوام کردەوە. وەك دەستپێكێك، دەکرێ ڕێکەوتن لەسەر کۆمەڵێک دەستپێشخەری سنووربەزێن هەبێ بەمەبەستی بەڕێوەبردنی سنوورەکان و نەهێشتنی بازرگانی نایاسایی، کە بۆ دروستکردنی متمانە لەنێوانیاندا گرنگە.

بوژانەوەی ئابووری دەبێ شانبەشانی ئاشتەوایی و چاکسازی لە حوکمڕانیدا کاری لەسەر بکرێت و پەیڕەوی لامەرکەزیەتیش بەدامەزراوەیی بکرێت و ڕەنگدانەوە بارو دۆخی لۆکاڵی بیت، نەک تەنها دەرهاویشتەی مشتومڕی ئایدیۆلۆژی بێت لەسەر بابەتی فیدرالیزم. گۆڕانی کەشوهەوا و ئاسایشی ئاویش وەک تەحەدای هاوبەشی ئاسایشی ناوچەیی ناسێندرا کە پێویستی بە کاری هەمەلایەنانە هەیە.

سەقامگیری بەردەوام پەیوەستە بە بوونی دامەزراوەی بەهێزی دەوڵەت، گفتوگۆی بەردەوام، بەشداریکردنی گەنجان و چاکسازی ڕاستەقینە و خاوەندارێتی ناوخۆیی. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەم بابەتانە متمانە و خۆڕاگری گۆمەڵگەیی دروست دەکەن.

ئەم ڕاپۆرتە زنجیرەیەک پێشنیاری پۆلەسی پراکتیکی لەخۆ دەگرێت کە هەڵقوڵاوی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکەن و لەبەر پەرەسەندنە بەردەوامەکانی ناوچەکە، گرنگیەکەی تا ئایندەیەکی درێژ هەر دەمێننەوە.



# پێشنیازی پۆلەسی

کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق تەنیا پلاتفۆرمێک نیە بۆ گەنگەشەکردن ودروستبوونی بیروڕا، بەڵکو بایەخ بە وەرگێڕانی بۆچوونەکان دەدات بۆ پێشنیازی پۆڵەسی تایبەت و بەمەبەستی داهێنانی گۆڕانکاری لە سیاسەت وستراتیژدا. ئەم پلاتفۆرمە لە ڕێگەی بەشداریکردن ومامەڵەی بەردەوامەوە هەوڵی بەدەستهێنان و پتەوکردنی متمانە دەدات. کۆبوونەوەی ٢٠٢٥ی کۆڕبەندەکە لە هەولێر ئەنجام درا و چەند خاڵێکیی دەستنیشان کرد کە ئامادەبووان کۆک بوون لەسەری و دەکرێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی داهاتووی ناوچەکە دروست بکات. لەوانە:

- **ڕێچکەیەکی پراگماتیک بۆ سەقامگیری ناوچەیی**

دیارە ناوچەکە بەرەو زەمینەی نێوان دوو مۆدێلی حکومڕانی شکستخواردوودا دەڕوات: (ا) ناوەندگەراییەکی ڕەق، کە زۆرجار لێکترازانی سیاسی و ململانێی لێدەکەوێتەوە، و (ب) حوکمڕانییەکی دیفاکتۆ (واقیع حاڵ)ی لێکترازاو، کە بۆتە هۆی چەسپاندنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و دەستوەردانی دەرەکی. لەبری پەیڕەوکردنی مۆدێلێکی ئەمنی ناوچەیی لەمەودای کورتخایەندا، پێویستە ڕێبازێکی هەمەجۆر بگیرێتەبەر. ڕێبازێک کە تێیدا وڵاتان هاریکاری کرداری یەکتر بکەن لەسەر ئاستی سنوورەکانیان و متمانە بەیەک دروست بکەن لە ڕێگەی دەستکەوتی پێوانەکراوەوە، وردە وردە پەیوەندیەکانیان پەرەبسەنێت بۆ هەماهەنگی سیاسی و ئابووری قووڵتر کە ڕەگوڕیشەی لە حوکمڕانی گشتگیر و دامەزراوە بەهێزەکانی دەوڵەتدا سەرچاوەی کردبێت.

- **ئەولەویەتدان بە جێبەجێکردن لەبری دیدگا**

دیدگا ستراتیژییەکان زۆرجار بە ئاسانی بەردەستن، بەڵام دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی جێبەجێکردندا شکست دەهێنن. بۆیە هەوڵەکانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای میکانیزمە دامەزراوەیی و یاساییانە بێت کە گوتار بۆ کردار وەربگێڕێت، لە ڕێگەی داڕشتنی یاسا و پەرەپێدانی دامەزراوە و ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە شیاون.

- **دروستکردنی متمانە لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە**

هاوکاری بەردەوام و پشتبەستوو بەئەنجام کاریگەرترین ڕێگایە بۆ دروستکردنی متمانە. بەڕێوەبردنی سنوورەکان، بە تایبەتی هاوکاریکردنی یەکدی لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیە نایاساییەکاندا بۆ نموونە بازرگانیکردن بە کاپتاگۆن، وەک بوارێکی پراکتیکی روون دەستنیشانکرا، کە دەکرێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ هاوکاری سیاسی فراوانتر لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا.

- **دابڕاندنی تەحەددایە وجودیە هاوبەشەکان لە سیاسەت**

گۆڕانی کەشوهەوا، ئاسایشی ئاو و تێکچوونی ژینگە، کۆمەڵێک بوارن کە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە هاوکار بن لەسەری و بابەتەکان لە لە ناکۆکییە سیاسییەکان دوور بخرێنەوە. ڕاستە ئەم تەحەددیایانە سنووربەزێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەرفەتن بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی، بەهێزکردنی هاوکاری تەکنیکی و دروستکردنی خووی هاوکاری ناوچەیی لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا.

- **چەسپاندنی پرۆژەکانی لێکبەستنەوە لە حوکمڕانیدا**

ڕێڕەوی ئابووری و دەستپێشخەرییەکانی لێکبەستنەوەی ناوچەیی دەبێ تەواوکەری هەوڵەکانی چاکسازی حوکمڕانی و گشتگیری سیاسی بن، نەک جێگرەوەیان. وەبەرهێنان لە ژێرخان ناتوانێ سەقامگیری بەردەوام بهێنێتە کایەوە بەبێ بوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە. پرۆژەکانی لێکبەستنەوەش ناتوانن بە تەنها کێشەکانی لێکترازان و حوکمڕانی لاواز و پەراوێزخستن چارەسەر بکات، چونکە ئەم کێشانە بوونەتە سووتەمەنی توندڕەوی و سەرهەڵدانەوەی ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان.

- **پەیڕەکردنی لامەرکەزییەتی پراگماتیکی لە سوریا**

لەبری مشتومڕی سنوردار لەسەر زاراوە، پێویستە سەرنج بخرێتە سەر داڕشتنی مۆدێلێکی حوکمڕانی لامەرکەزی کە هەمەجۆریی لەخۆبگرێت و لە هەمان کاتدا بنەماکانی یەکسانی هاووڵاتیبوون، یەکگرتوویی دامەزراوەیی و یەکێتی دەوڵەت بپارێزێت. پێویستە جەخت لەسەر شێوازی یاسایی و کارگێڕی بکرێتەوە نەک لیێی زاراوەیی و ئەکادیمی پرنسیپەکان، وەک فیدراڵیزم.

- **بەهێزکردنی دیالۆگ و دیپلۆماسیەت**

گفتوگۆی بەردەوام لە ئاستی سەرکردەکانی نزیك لە خەتی پێشەوە، لە نێوان داڕێژەرانی سیاسەت، پسپۆڕانی تەکنیکی، ئەکادیمی و ڕاوێژکاران زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسیە هەستیارەکان، وەک لامەرکەزی، هاوبەشکردنی سەرچاوە، چاکسازی دەستوری و دادپەروەری ئینتقالی. ئەم جۆرە میکانیزمانە دەبێ بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە بژاردەی پۆلەسی پراکتیکیان لێ پەیدا بێ کاریگەرێتیان بەردەوام بێ.

- **بەستنەوەی سەقامگیری بە بووژانەوەی مرۆیی**

هەڵبەتە سەقامگیری ناوچەیی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی هەلومەرجی گەڕانەوەی سەلامەت و خۆبەخشانە و شکۆمەندانەی پەنابەران و پێچەوانەکردنەوەی دابەزینی یارمەتی مرۆیی. بەداخەوە کەمبوونەوەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرانسەری چەند وڵاتێکی لیڤانت و عێراقدا، بووەتە هۆی دروستبوونی لەرزۆکی زیاتر. گەڕانەوەی بەردەوامی پەنابەران بە تەنها لە ڕێگەی باشترکردنی دۆخی ئەمنیەوە بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری، دامەزراوەی کارا، خزمەتگوزاریی گشتی متمانەپێکراو، حوکمڕانی بەرپرسیارانە، و پشتیوانی بەردەوامی نێودەوڵەتی هەیە. ئەمانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئاوارەبوون و تێکەڵاوبوونەوەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن هەیە.



# لە دیدگاوە بۆ گرتنەبەری ڕێڕەوی گونجاو

هەر لەسەرەتای کۆبوونەوەکانی پێشووی کۆڕبەندی لێڤانت و عێراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، گفتۆگۆکانی کۆڕبەند باسیان لەو ئاستەنگە سەرەکیانە کرد کە ڕووبەڕووی ناوچەی لێڤانت و عێراق بوونەتەوە، لەوانە ململانێی چارەسەرنەکراو، ئابووری لەرزۆرک، گروپە چەکدارە نادەوڵەتیە سنوور بەزێنەکان و گۆڕانی هاوپەیمانییەکان، کە ناوچەکەیان خستۆتە دۆخێکی نادڵنیایی درێژخایەنەوە. لە یەکەمین ساڵیادی دامەزراندن و راگەیاندنی ئەم کۆڕبەندە لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، کە لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عێراق و بە بەشداری ئەندامانی کۆڕبەند و میوانانی دەرەکی بەڕێوەچوو، جەخت کرایە سەر پرسیارێکی قورس: بۆچی ئەم پەرتەوازەییە بەردەوامە لەم ناوچەیەدا، وە بە شێوەیەکی واقیعبینانە دەتوانرێت چی بکرێت بۆ پێچەوانەکردنی؟

دیبەتی بەشداربووان لەکۆبوونەوەکەدا لەسەر ئەوە نەبوو کە ئایا هاوکاری لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە پێویستە یان نا؛ بەڵکو لەسەر ئەوە بوو کە چ جۆرە هاوکارییەک دەبێ بکرێت، لە ناوچەیەکدا کە تێیدا کورتهێنانی حوکمڕانی، ئابووری لاواز، دامەزراوە لەرزۆک، گۆڕانی هاوپەیمانییەکان، بێمتمانەیی نێوان کۆمەڵگاکان و میراتی گروپە چەکدارەکان، بەردەوامن لە تێکدانی دەسەڵاتی دەوڵەت. بەم شێوەیە گفتوگۆکان لە دیدگاوە وەرچەرخان بۆ شێواز و گونجاوی هەنگاوە پێویستەکان.

## لاوازی سیستەم نەک لاوزییەکی ئەمنی لەناکاو

زۆرجار لاواز بوون لە ناوچەی شام و عێراق وەکو کێشەیەکی ئەمنی گوزارشتی لێ دەکرێت، بەڵام بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆڕبەند جەختیان لەوە کردەوە کە رەگوڕیشەی لاوازبوون زیاتر بۆ بابەتی حوکمڕانی و گشتگیری دەگەڕێتەوە. ئەم کێشانەش لە سەرانسەری عێراق، سوریا، لوبنان و وڵاتانی دیکە ناوچەکە بەدی دەکرێن. هەر وەک یەکێک لە بەشداربووان ئاماژەی پێکرد، "ناتوانین لە سوورەکانی دووبارەبوونەوەی توندڕەوی لە ناوچەکە هەر لە ڕەمادیەوە تا موسڵ و تا بەشێک لە سوریا و... شوێنەکانی تر تێبگەین بەبێ دانپێنان بەوەی کە توێژەکانی کۆمەڵگا لە حوکمڕانی دوورخراونەتەوە". لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگە دوورخراوەکان دەبنە زەمینەی پەروەردەکردنی پەڕگیری و دەوڵەتەکانیش خەرجیەکی زۆر زیاتر سەرف دەکەن بۆ سەپاندنی ئاسایش لەوەی کە بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری گشتگیر خەرج دەکەن. هەر لەمیانی ئەم کۆبوونەوەیدا، ئاماژە بەوە کرا کە بەبێ چارەسەرکردنی "کەلێنی گشتگیری حکومڕانی"، پرۆژەکانی پەستنەوەی ناوچەیی وەک ڕێگاوبان، تۆڕەکانی شەمەندەفەر و ڕێڕەوەکان، ڕووبەڕوی شۆک و پێچەوانەبوون دەبنەوە، چونکە تەنها ژێرخان ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی شەرعی.

بەم پێیە، نابێت ڕۆڵی بەردەوامی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان تەنیا وەک تێکدەری دەرەکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەم ئەکتەرانە زۆرجار لە ژینگەیێک سەر هەڵدەدەن کە حوکمڕانی تێیدا داڕماوە و یان کۆمەڵگاکانی هەست بە نەبوونی نوێنەرایەتی دەکەن. خۆ ئەم گرووپانە لە چەند دۆخێکدا پەرەیان سەند و بوون بە حوکمەتی دیفاکتۆ و خزمەتگوزاریان پێشکەش دەکرد و لە غیابی دەوڵەتدا دەسەڵاتیان بەکارهێنا. بۆیە تەحەداکە تەنیا لابردنی ئەو گروپانە نیە، بەڵکو دووبارە بنیاتنانەوەی شەرعیەتی دەوڵەتە بە شێوەیەک کە چیدی بوونی ئەو گروپانە پێویست نەکات.

هەربۆیە، دروستکردنی متمانە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران ئەولەویەتێکی ستراتیژییە. روونیشە کە متمانە بە دروشم دروست ناکرێتەوە؛ پێویستی بە پرۆسەیێکی بەردەوام و پشتبەستوو بە ئەنجام و نێوەندگیری باوەڕپێکراو و "چیرۆکی سەرکەوتن"ی ڕوون هەیە کە نیشانی بدات کە دەکرێت پێش هەر هەوڵدانێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان، هاوکاریکردن جێبەجێ بکرێت.

## سنووروئاسایش وچەکدارە نادەوڵەتییەکان

ئایا ناوچەکە بەرە قۆناغی دوای "ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان" دەڕوات؟ ئەمە بەواتای ڕووخانی گروپە چەکدارەکان نا ، بەڵکو وەک پاشەکشە یان کەمکردنەوەی چڕیی کاریگەریان، کە دەرفەتێک بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەت و هاوکاری ناوچەیی دەڕەخسێنێت. لەم کۆبوونەوەیدا، ئاماژە بەوە کرا کە تۆڕی بریکارەکان (پرۆکسیەکان)ی ئێران لە ژێر فشاری نێودەوڵەتیدا وا دەردەکەون کە لە پاشەکشەدا بن، چونکە هەندێک دیمەنی ئەو ناوچانەی چەکدارەکان تێیدا کاران گۆڕاون و چڕی ساڵانی ڕابردوو لە هەندێک شوێن دابەزیوە. ئەو هۆشدارییەی کە لەم خوێندنەوەیەدا چەسپێنراوە ئەوە بوو کە پەنجەرەی ئەم دەرفەتانە بە خێرایی وا دادەخرێن. بەبێ چەسپاندنی دامەزراوەی خێرا و دەستپێشخەری هاوبەش، هەمان ئەم گروپانە دەتوانن دووبارە دروست ببنەوە، و ناوچەکە دەتوانێ بگەڕێتەوە ناو بازنەی توندوتیژی. خۆ سەرهەڵدانەوەی خانەکانی داعش و لاوازییە بەردەوامەکانی بەردەم توندڕەوەکان وەک بەڵگەیەک ئاماژەیان پێدرا کە نیشانی دەدەن هۆکاری بنچینەیی کە هێشتا چارەسەر نەکراون.

هەروەها، گفتوگۆکە تیشکی خستە سەر گرنگی هاوسەنگی نێوان پێداویستییە ئەمنییە دەستبەجێکان و پرۆسەی دەوڵەتسازی. بەشداربووان هۆشداری ئەوەیان دا کە، ئەگەر هێزە سنووربەزێنەکان لە دەرەوەی پێکهاتە سەربازییە حکومییەکان بمێننەوە، لەوانەیە ببنە ناوەندێکی نوێی دەسەڵاتی نادەوڵەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز بکەن. لە هەمان کاتدا، دووبارە داڕشتنەوەی یەکەکانی سنوور بە پشتبەستن بە ئەزموونی کارمەندی بەتوانای بواری بەرەنگاربووەنوەی تیرۆر، وەک ڕێگەیەکی کرداری بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی سنوور و ئاسایش بە کۆی گشتی تەماشا کرا. هاوکاری لە بەڕێوەبردنی سنوورەکان، بەتایبەتی لە تێکدانی ڕەوتی قاچاخچێتی کاپتاگۆن، وەک هەنگاوێک بۆ بنیاتنانی متمانە پێشکەش کرا. خۆ ئەگەر ئەم بابەتە ئەنجامی بەرچاو و پێوانەکراوی هەبێت، دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی متمانە پێش چارەسەرکردنی ناکۆکیە سیاسییەکان. هەڵبەتە تەحەدای سەرەکی بریتیە لە گونجاندنی بەدیهێنانی سەقامگیریی کورتخایەن لەگەڵ بەدامەزراوەییکردنی بەردەوام.

ڕوونە کە ناوچەی شام و عێراق لە بازنەیەکدا گیریان خواردووە کە حوکمڕانی لاواز و نائارامی و پەراوێزخستن بەرهەم دەهێنێت. و نائارامیش دەبێتە هۆی دروستبوون و ڕاکێشانی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و دەستێوەردانی دەرەکی. لەلای خۆیانەوەش ئەو هێزانە ڕێگری لە ئەنجامدانی چاکسازی دامەزراوەیی پێویست بۆ سەقامگیری و بوژاندنەوەی ئابووری دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆژەکانی لێکبەستنی ناوچەیی و ڕێڕەوی ئابووری وەک ئامرازی دەربازبوون سەرنجڕاکێشن، بەڵام بەبێ بەدیهێنانی حوکمڕانی متمانەپێکرا و لەخۆگرتنەوەی خەڵکی، ئەم جۆرە پرۆژانە مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە ببنە سیمبولی بەتاڵ یان هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێ نوێ. کەواتە هاوکاری کرداری پێش چارەسەری سیاسییە. بەشداربووان لەجیاتی چاوەڕوانی ڕێککەوتنی سیاسی گەورە لەنێوان لایەنەکانەوە، جەختیان لەسەر گرنگی دەستپێشخەری بە هەنگاوی بچووک کردەوە ،بەچەشنێک کە بتوانێت متمانە دروست بکات و پێشکەوتن لە سەرانسەری ناوچەکەدا بەدیبهێنێت.



## گەشەپێدانی ئابووری، ئاشتبوونەوە و ڕیزبەندی

بەشداربووان پێیان وابوو کە هاریکاری ئابووری بەشێکی جیانەکراوەیە لە پرۆسەی ئاشتبوونەوە و چاکسازی حوکمڕانی، و کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە تەمویلکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و ئەنجامدانی پرۆژەی ژێرخانی ئابووری بەتەنیا ناتوانن سەقامگیری هەمیشەیی فەراهەم بکەن. بنیاتنانەوەی ژێرخان بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی لێکترازانی سیاسی و درزەکانی کۆمەڵایەتی و سکاڵا چارەسەر نەکراوەکان مەترسی دووبارەکردنەوەی بارودۆخی ناسەقامگیر دروست دەکات. لە کاتێکدا ئامادەبووان پێیان وابوو کە چاکسازی ئابووری و ئاشتەوایی دەبێت هاوتەریب بەڕێوەبچن، و پرۆسەی ئاشتەوایی دەبێت ئەولەویەتی زیاتری پێ بدرێت چونکە ناکۆکی لەسەر بنەمای ناسنامە و ناڕەزایەتیە بەردەوامەکان دەتوانن هەوڵەکانی گەشەپێدان لاواز بکەن. بەشداربووان داکۆکیشیان لەفەراهەمکردنی ڕێبازێکی فراوانتر کرد کە تێیدا دامەزراوەکانی حکومەت بەهێز بێت و دەرفەت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکادیمستان و دەزگاکانی بیرکردنەوە پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی وەک نێوەندێکی باوەڕپێکراو کار بکەن و لە کاتی لاوازی توانای دەوڵەتدا بەردەوامێتی بە دیالۆگ بدەن.

## فیدرالیزم و لامەرکەزیەت و سیاسەتی زاراوەکان

لامەرکەزیەت و فیدراڵیزم، بەتایبەت لە مەڕ ئایندەی سوریاوە، وەک خاڵێکی سەرەکی گفتوگۆکان لە کۆبوونەوەکەی هەولێر دەرکەوت. بەدەر لە ئایدیۆلۆژیا، گفتوگۆکان زیاتر لەسەر زاراوەکان و جیاوازی مۆدێلەکانی حکومڕانی بوون و دەریان خست کە میراتی سیستەمی یەک حیزبی مەرکەزی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بووەتە هۆی سەرلێشێوان و تێنەگەیشتن. هەر بۆیە پێشنیاز کرا کە دیالۆگێکی تۆکمە لەسەر لامەرکەزیەت و فیدراڵیزم و شێوازی جیاواز دەتوانێت ئەجێندایەکی بەسوود بن بۆ دیپلۆماسی ئاستی سەرکردە، (ریزی یەکونیو یان دوو)، بەتایبەتی بۆ سوریا. بەشداربووان گەنگەشەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە لە عێراق، فیدرالیزم ناوبانگێکی نەرێنی نەگونجاوی پەیدا کردووە، نەک لەبەر ئەوەی خودی چەمکەکە شکستی هێناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو مۆدێلەی کە لە دەستووری ٢٠٠٥ دا هاتووە هەرگیز بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە. بنەما یاساییە بنچینەییەکان کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە، بەتایبەتی هی _بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز - هەرگیز جێبەجێ نەکراون. واتە فیدراڵیزم هەرگیز دەرفەتی پێ نەدراوە وەک پێویست. بەشداربووان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە جەخت لەسەر پرۆسەیەکی باوەڕپێکراوی لامەرکەزیەت بکرێتەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە لامەرکەزیەت جۆر و شێوازی زۆرە، لە سیستەمی زۆر مەرکەزییەوە تا شێوازی نزیک لە کۆنفیدراڵی، و هەر وڵاتێک دەبێت لەبەر ڕۆشنایی مێژوو و دیمۆگرافیا و واقیعی سیاسی خۆیەوە هاوسەنگییەکی گونجاو بدۆزێتەوە.

لە سووریا، بابەتی فیدرالیزم بەهۆی میراتی مێژوویی سەردەمی ئینتدابی فەڕەنسا زیاتر هەستیار بووە. لەو سەردەمەدا بوو کە وڵاتەکە دروستکرا و لەسەر بنەمای شوناسی تایەفەگەری دابەشکرا. بۆ زۆرێک لە ناسیۆنالیستەکان، گوتاری لامەرکەزییەت جێی مەترسیە چونکە پێیان وایە پەرتەوازەیی دەرەکی دەهێنێتە کایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆبوونەوەکەدا، دان بەوەدا نرا کە لامەرکەزیەت پێویستە و ئەزموونی سەرەتایی ئەنجوومەنی خۆجێی سوریا لە کاتی شۆڕشی دژی ڕژێمی بەشار ئەسەددا بناغەیەکی خۆماڵی بۆ بنیاتنانی ئەو سیستەم فەراهەم دەکات. لەکۆبوونەوەکەدا دەرکەوت کە پەیامی سەرەکی ئەم ئەزموونانە ئەوەیە کە: سوریا پێویستی بە لامەرکەزیەت هەیە بۆ بەڕێوەبردنی هەمەچەشنیەکەی، بەڵام دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە خۆی لە بەناوچەکردنی تایەفەگەری دوور بخاتەوە و لە جیاتی ئەوە هاووڵاتیبوونی یەکسان و سەروەری یاسا بەهێز بکات. لە ئێستادا، تەحەدایەکە ئەوەیە کە ئەم ئەزموونانە بگۆڕدرێن بۆ چەسپاندنی حوکمڕانی یاسایی و نەتەوەیی بەشێوازێک کە یەکێتی وڵات بپارێزرێت و لە هەمان کاتدا ڕێگە بە ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بدات.

## کەش و هەوا و سەرچاوەکان و سنووری ناسەقامگیریەکانی داهاتوو

بەدەر لە کێشمەکێشی حوکمڕانی، تەحەددایەکی وجودی هاوبەش دەرکەوت لەم کۆبوونەوەیەدا کە ناکۆکیە سیاسییەکان لە ناوچەی لێڤابت و عێراق تێدەپەڕێنێت. کەمی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوا و وشکەساڵی و نەبوونی ئاسایشی خۆراک لە باکوری سوریا و عێراق چەند جارێک وەک بابەتێکی زۆر گرنگ باسکرا و ئاماژە بەوەدرا کە پێویستیان بە کاری بەکۆمەڵ هەیە. کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و سەرەوەی ئاو، تورکیا و ئێران، پێویستی وەڵامدانەوە و هەماهەنگی ناوچەیی زیاتر دووپات کردەوە. ئەم فشارە ژینگەییانە نەک تەنها وەک نیگەرانی مرۆیی تەماشا دەکرێن بەڵکو ئەگەر چارەسەر نەکرێن وەک هۆکارێکی ئەگەری ململانێی داهاتوو لە ناوچەکەدا لەقەڵەم دەدرێن. هاریکاری لەبواری کەشوهەوادا لەوانەیە یەکێک بێت لەو بوارە کەمانەی کە سیاسەت دەبەزێنێت و لە هەمان کاتدا کێشەیەکی وجودی و پراکتیکیە. بەڕێوەبردنی ژینگە لەلایەنی وڵاتانەوە بەدەستەجەمعی دەتوانێ هەم وەک میکانیزمێکی بنیاتنانی متمانە و هەم وەک ڕێگەیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەبوون و لاوازی ئابووری و گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان. بەگوێرەی بەشداربووان، ناوچەکە هێشتا بەبێ ئەجێندای هاوبەش بۆ دۆخی ئەمنی ناوچەکە و مانەوەی خۆیدا ماوەتەوە، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و گروپە توندڕەوەکان ستراتیژی سنووربەزێنیان نیشانداوە. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لەوە کرایەوە کە بەشێک لە سوریا و عێراق ڕووبەڕووی وشکەساڵی و کێشەی ئاسایشی خۆراک دەبنەوە، لە کاتێکدا کۆنترۆڵکردنی ئاوەڕۆ لە سەرچاوەدا لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە کاریگەریان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو هەبووە. ئەم کێشانەش لە بنەڕەتدا کێشەی ناوچەیین و بە تەنیا لە نێو سنوورە نیشتمانییەکاندا چارەسەر ناکرێن. هەربۆیە، ڕوونە کە بابەتی کەش و هەوا و ئاو بابەتی ”نەرم“ نین. ئەمانە هۆکاری ململانێیەکانی داهاتوون و دەبێت وەک پرسی سەرەکی ئەمنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

## بنیاتنانەوەی نێوخۆیی و سنوورەکانی دەستێوەردانی دەرەکی

کێشە قووڵەکانی کۆمەڵگا کە بەهۆی ساڵانێک لە ململانێ وشەڕ و سەختی ئابووری دروستبوە، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی خەڵک بە مۆدێلەکانی حوکمڕانی. هەر بۆیە چارەسەری داهاتوو دەبێت لەلایەن ئەو خەڵکەوە قبوڵکراو بێ کە توشی شۆکی بەردەوام دەبن. توێژینەوەی زانستی پشتبەستوو بە بەڵگە، دیزاینی وریا، و هەستیاریی بۆ تێگەیشتنی گشتی گرنگن بۆ دوورکەوتنەوە لە ناسەقامگیریی زیاتر. لە ئەزموونی لوبناندا دەرکەوت کە شەڕی ناوخۆیی بە تەواوی جیاوازە لە تێکۆشان لە دژی



دیکتاتۆریەت یان هەژمونی دەرەکی، و تێچوونی چوونە ناو شەڕی ناوخۆیی بۆ چەندین نەوە دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، دووبارە بنیاتنانەوە دەبێت لە ناوەوە بەڕێوە ببردرێت. لەم پرۆسەیەدا، ئەکتەرە دەرەکیەکان دەتوانن ئامۆژگاری پێشکەش بکەن، بەڵام ناتوانن ئاوەدانکردنەوە یان بنیاتنانەوەی نەتەوەیی بسەپێنن. ئەو خاڵە لەسەر رۆڵی ناوخۆیی لە چەندین موداخەلەدا دووپات کرایەوە، بەتایبەتیش لە داواکاری بۆ ئەو کۆڕبەندانەی باسی کێشەی مەزهەبی، دادپەروەری، دادپەروەری ئینتقالی، کەسە ونبووەکان و بێسەروشوێنەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەکەن. لەگەڵ هەمووی ئەوەشدا، هەڵبەتە واقیعێکی سەختی ناوچەکە هەیە: ئەو وڵاتانەی پەنابەرانیان لەخۆگرتوە گەیشتوونەتە لوتکەی سنووری تواناکانیان و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم دۆسییەش بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. هاوکارییەکان دەبڕدرێن و توانای دامەزراوەیی لە دەزگا مرۆییەکاندا لە ژێر فشاردایە و فشاری ئاوارەکان بەردەوامە. بەم شێوەیە، سەقامگیریی ناوچەکە تەنها پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتانەوە نییە، بەڵکو پەیوستە بە کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری بۆ لوبنان و ئوردن و تورکیا و وڵاتانی دیکە.

## لە دیالۆگەوە بۆ جێبەجێکردن

هاریکاری ناوچەیی دەبێت بەو هەنگاوانەوە دەست پێبکات کە مایەی جێبەجێکردنن: بەهێزکردنی حوکمڕانی و لەخۆگرتنەوەی پەناهەندە و ئاوارەکان، پەیرەوکردنی دەستپێشخەریی دامەزراوەیی نێودەوڵەتی، هاندانی بەشداری گەنجان و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی هاوبەشەکانی ژینگەیی. پێویستە داڕشتنی سیستەمی حوکمڕانی ڕەنگدانەوەی واقیعی ناوخۆیی بێت نەک مۆدێلی هاوردەکراو. برۆژەکانی بەستنەوە و پێشخستنی ئابووری تەنها کاتێک بەردەوام دەبێت کە لەنێو دامەزراوەی حکومی پشت بەستوو بەیاسا چەسپاو بن. بەشداربووان جەختیان لەوە کردەوە کە بۆ گواستنەوەی دیدگا بۆ پەیرەوکردنی ڕێڕەوی گونجاو، دەبێت لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پەرتەوازەیی ناوچەییەوە بازبدرێت بەرەو ئەنجامدانی هەنگاوی کردەوەیی لەمەر بابەتە گرنگەکانی ناوچەکە

## گەنجان

برەودان بە گەنجان و ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی لە نێوان وڵاتانی شام و عێراق بۆ تێکەڵکێشکردنی ئەم ناوچەیە بە وەبەرهێنانێکی گرنگ هەژمارکرا. پێویستە دیپلۆماسیەت لە داهاتوودا بەشداری بە گەنج بکات و هانی ئاڵوگۆڕی کەلتووری و زانستی بدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان ساڵ لە گۆشەگیری و بێ متمانەیی. ئاسانکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان زانستخوازان، توێژەران و گەنجانی پیشەگەر وەک دەستپێشخەریەکی کەم خەرجی و کاریگەری بەرز وێنا کرا، کە دەتوانێت قازانجی درێژخایەن بۆ هاریکاری ناوچەیی بەدەست بهێنێت.




**کۆڕبەندی لیڤانت و عێراق**

**دەرهاویشتەی کۆنفرانسی سالیادی دامەزراندنی کۆڕبەند**

**٦ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥**

# ڕێکخەران و دامەزراوەکانیان

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

MERI
Middle East
Research Institute

کۆنڕاد ئەدیناوەر شتیفتونگ

KONRAD
ADENAUER
STIFTUNG

# لە ڤیژنەوە بۆ ڕێچکەکانی جێبەجێکردن

LIF

THE LEVANT & IRAQ FORUM

تۆڕێکی گەشەسەندوو لە دامەزراوە فیکرییە ناوچەییەکان،
بۆ دابینکردنی سەکۆیەکی پێویست بۆ دیبەیتی نێوان توێژەران،
داڕێژەرانی سیاسەت، سەرکردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان


**A MERI Publication**

info@meri-k.org

WWW.MERI-K.ORG

x.com/meri_info | facebook.com/meri_info

Erbil - Kurdistan Region - Iraq

MERI
Middle East
Research Institute